**بانگەواز**

# بەرەو دادگایی کردنی ئەو سەرۆك جاشانەی لەدۆسیەی ئەنفالدا ناویان هاتوە

دوای بەدادگا گەیاندنی دەستەیەك لەئەنجامدەرو بڕیاردەرەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال و, لەماوەی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانی دادگا لەدۆسیەی ئەنفالدا. کەسوکاری ئەنفالەکان و خەڵکی کوردستان چاوەڕوان بوون ئاسۆیەك دەربکەوێت بۆ ڕاپێچکردنی تاوانبارە زلەکانی تر بەتایبەتی ئەو سەرۆك جاشانەی، شایەتحاڵە سکاڵاکەرەکان لەدادگای باڵای تاوانەکان داوایان تۆمارکردوە, ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەیان بکاتەوە، داواکەیان بەهەند وەربگیرێ.

کەسوکاری ئەنفالەکان باش دەزانن ئەوانەی لەقەفەسی تۆمەتباریدا ڕووبەڕوویان بوونەوە, دژی هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی بوون نەك لەکوردستانداو بەرامبەر بەکورد, بەڵکو دژی هەموو خەڵکی عیراق و پێکهاتەکانیشی بوون. بۆیە بەلای کەسوکاری ئەنفالەوە دادگاییکردنی بەشێك لەسەرۆك جاشە دیارەکان و, بەتایبەتیش ئەوانەی تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ئامادەنەبون ملکەچی دەسەڵاتی کوردیو لەسایەی هەرێمی کوردستاندا بژین, ئەرکێکە چیتر دواخستن هەڵناگرێو بەشێکی گرنگە لەبەپیرەوە چوونی خەونی ئەوان و خەڵکی کوردستان.

بۆیە لەڕێگەی ئەم بەیاننامەیەو بەپاڵپشتی داواو واژۆی سەدان کەس لەکەسوکاری ئەنفالەکان داوا دەکەین ئەوانەی لەدۆسیەی ئەنفالدا ناویان هاتووەو سکاڵایان لەدژ تۆمار کراوە, ڕووبەڕووی لێپێچینەوە بکرێنەوە.

لەم ڕووەوە سەرجەم دڵسۆزانی یاساو حوکمی قانون لەعیراق و کوردستان بانگهێشت دەکەین بۆ بەپیرەوەچوونی خواست و داخوازی کەسوکاری ئەنفالەکان و , لەتەواوی ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان چاوەڕوان دەکەین, پشتگیریو پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم بانگەوازە ڕابگەیەنن.

تێبینی: لەکاتی پێویستدا ناوی کەسوکاری ئەنفالەکان بە ئیمزاو ژمارەی ناسنامەی وارسی ئەنفالەوە، ئاشکرا دەکەین.

سالار مەحمود

عەبدوڵا کەریم مەحمود

لەتیف فاتیح فەرەج

2007/5/3